# (ئەو کچەی بە جارێك منی داگیرکرد)

بەشی(2)

غەرابستانی ئەم کەونەم
هەڵاوێرکرد
تۆی تیا نەبوی..
دەریا گەڕام
تۆی لێنەبوی
جارێکیتر دەریا گەڕم
تەنها وێنە کێشێکم دی
لە سەر سینە
پایزێکی تێکشکاوی
ئەسڕییەوە
لەباڵی نەهەنگ
دەینوسی
جارێك بە ڕەش
جارێك سپی ..
جارێك بۆ قەسیدەی شەرمن
چەند ڕەنگێکی
خەم تێزاوی
دەر خوار دەدا..
سەرەنجام
وەك وانەی لێکدان
وێنەکانی سەر کەمەری
لای چە پیی تۆی
ئە نخشاندو
جار نەجارێك
هەناسەکانی
ئەڕوشاند..
تا جۆگەیەکی پەمەی
لە تاریکی پڕکاتەوە ..

لەدوای
سەرهێنان و بردن
قاوەیەکی بێ شەکری
دەرخواردی ڕۆحی
ڕووبار دا ..
ڕووبار وتی
ئەمکەیتە کچی ئاسمانت ؟
پرسیارەکە
زۆر خێرا بوو,
وێنە کێکش نەیزانی
چی بکات..
فڵچەکانی
بە پەرداخی بۆیاییەوە
پێشکەشی
من و خاتون کرد..
پێم ناخۆش بوو
پەرداخەکە
بۆ سەر شانم
هەڵخلیسکا..
ڕەنگەکانی
وێنە کێش و
ڕەنگی ڕیشیو
ڕەنگی قژییو
ڕەنگی ماچی
تێکەڵ بە ڕۆحی
ڕووبار بوو..
کچە ڕووبار
قایم کار بوو
ئەیزانی ڕۆژێ دێتەوە..
پارچەکانی پەرداخەکەو
لەتە کلکی فچەکانی
بۆ یادگاری

هێشتبۆوه..
بەشێك لای خۆی
بەشێك ی‌ی من..
سەردەمێك هاو
هەناسەیەكی سەحەری
داوای لە هاوڕێیەتی دەكرد
بۆ نێوانی
پایزێك و
سوچی كەمەرێك
ئارەزوو..
تا هەندێ
ڕەنگ لەمن بدزێ
تێكەڵ
بە تۆی ڕوبـاری بكات .




دیار محمد
Deyar.mahamad@gmail.com